# تەرازووی چەکی تیرۆرست و پێنووسی نووسەر

**کازیوە ساڵح**

ئیسلامی سیاسی وەکو فکرێکی چەکدار , تەنها بە چەك توانیویتی وەڵام بداتەوە و ڕووبەڕووش ببێتەوە . ئەوزیادەڕۆیی و توندڕەوییەش کردوونی بە خاوەنی مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە کوشت و بڕ . مێژووی تۆقاندن و ڕاوەدوونان و بێ حورمەتی بە مرۆڤ ,کە لە سەرەتای بوونیەوە هەتا ئێستا نەیتوانیوە پردی ووتوێژ و گوێ گرتن و مامەڵەکردنی لە گەڵ مرۆڤدا هەبێت , نەیتوانیوە خۆی لە نەرگسیەتی تاکپەرستی و تاکرەوی بپارێزێت و نرخی بۆ ئەوی بەرانبەر هەبێت .هەر بیرو باوەریەکیش چەك , توندووتیژی , تیرۆری جەستەیی و ڕۆحی ئامرازی پەرەپێدان و مامەڵەکردنی بێت , وەکو گرووپە ئیسلامگەرەکان بەرەو پوکانەوە وناچلێسەی بەهاو تێڕوانین دەچێت لای خەڵك و لای خۆشیان بە هۆی چەق بەستنیان لە یەك خاڵی دەستنیشانکراوودا . ساکارترین نموونەش لە سەرەتای بوونیانەوە هەتا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە فاکتەرێکی کارا , نیمچە کارا یان تەنانەت فاکتەرێکی ئامادەی هەر کۆرانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی شارستانیانە بن , نەیانتوانیوە دامەزرێنەری هیچ دام و دەزگایەکی مەدەنیانە بن کە مۆدرینانە نەوەی نوێی تێدا پەروەردە بێت .تەنها وەکو فاکتەرێکی ئیستهلاکی ئامادەییان هەیە ,هەر ئەو بێهودەش کردوونی بە خاوەنی شەرمهینەرترین دیاردەی جیهان , ئەویش دیاردەی گرووپی تیرۆرست وریکخراوی ئەلقاعیدە و و هاوکارانیەتی ,کە ئەمرۆ ترسناکترین دڵەڕاوکە و دوو بەرەکی , درندانەترین کوشتن و ئەتك کردن و بێ بەزەییانەترین مامەڵەیان لە گەڵ مرۆڤدا و لە گەڵ بێ تاوان و منداڵدا فەراهەم هێناوە .

مێژووی کۆن و نۆێی ئیسلامگەرەکان ئەوەی سەلماندووە کە بایکۆتی خۆیان لە هیچ دیاردەیەکی نەشیاو و خراپەکاری گووناهێك ناکەن وەکو کردار , لەو فاکتەرە زمانەوانیانەدا نەبێت کە باس لە چەوساندنەوەی ژن و دروشمەکانی ئاین دەکات بە نووسین نەك بە کردار , دەنا خۆیان بە کردار زۆر زیاتر لەوە فەراهەم دهێنن کە تا ئیستا پێنووس توانبێتی گوزارشتی لێ بکات , بەڵام خاڵی لاوازی ئەوان پێنووسە چونکە بەڵگە و بۆچوون و فکری دی پێچەوانەی ئەوەی کە گووتراوە نیە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان پی بکەن بۆیەئەو لاوازییە بە فیشك دەردەبرن ,پێنووس و فیشەك هاوتەریبی یەك بۆتە دەکەن , قورگی پینووس بە ژەهری بارووت دەخنکێنن .لە جیهانی سیهەم و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا کەم وولات هەیە پینووسە هەق بێژ و بە تواناکانی بەر سەرکوت کردن و فیشەك و چەقۆی و کۆمەلی چەقۆ وەشین و فیشەك تەقێنی ئیسلامی نەکەوتبێت .

ئیسلامگەرەکانی کوردستان چونکە ئیستراد کراوون و هەلقولاوی نیو کۆمەڵی کوردی نین , هەمیشە کارەسات و کەم و کوڕی و نەهامەتیەکانی ئەو کۆمەڵە دەقۆزنەوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان , بە شیوەیەك سوودی لێ دەبینین کە زیانی کۆمەڵی کوردی بە دووی خۆیدا بهێنێت .لەوانەش سوود وەرگرتنیان لە شەڕی ناوخۆ و قۆستنەوەی بارودۆخی هەژاری و نەبوونی نێو کۆمەڵ . بە پارەی وولاتانی کەنداو ڤایرۆسی خۆیان لە نێو خێزان و لاوانی کورددا ڕشت , فیریان کردن تەماتە و تویکڵە شووتی بگرنە ژنان و فیشەك بە نووسەرانەوە بنین و سوکایەتی و ئەتکی نەیارانیان بکەن .ئەمرۆش دوو هەلی دی دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی پێنووسی نووسەران بخەنە بەر قەمە و مزگەوتەکان بە تاوانی کوشتن و فتوای کوشتن ئاوەدان بکەنەوە.ئەو هەلانەش یەکێکیان ئەو گرژی و نارەحەتیەیە لە گەڵ پارتیدا بەر لە ماوەیەك هەیانبووە ,بۆیە ئەمرۆ لە دەڤەری یەکیەتیدا خاتر جەم ترن لەوەی چۆن فشار دەخەنە سەر خەڵك , چونکە ئاشکرایە ئەو دوو حزبە بە هەزاران واژووی یەکگتنەوەیان تەنگەژەی دژایەتی و ناکۆکی خۆیان بۆ ناگیرسێتەوە .لە لایەکی دی ئەو هەموو ئاژاوە و ناڕەزایەتیەیە کە عەرەبەکان لە دانمارك و نیشتمانی عەرەبی دەستیان پیکردوە لە سەر بڵاوکردنەوەی وینەیەکی کاریکاتۆری محمدی رابەری ئیسلام , ئەوانیش لە کوردستان چەمکی عەگاڵی برا عەرەبەکانیان لێ هەڵماڵیوە و وا دەزانن ئەوەی دەکرێت هەڵگیرسانی شۆڕشی رێنسانس لە مێژووی ئیسلامدا , ڕۆژی تۆڵەکردنەوە و تیکشکاندنی هەر هیمایەکە لای ئەوان پەسەند نەبێت , بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم نیچیر مەریوان هەڵبجەیی دەخەنە نێو داوی پلانەکانیان , لە کاتیکدا نووسەر بە نووسەری ئەو جۆرە بابەتانە ناسراوە و هەموو دەزانێن ڕای چیە و چی دەنووسێت بەر لە هەموانیش ئیسلامگەرەکان , بەڵام ئەوان بە خوێندنەوەی هەژاری خۆیان پێیان وایە ئەم یەکگرتنەوەیە لەئاژاوە نانەوەدا یەکگرتنەوەش دەبێت لە جیهانێکی ئیسلامی سەرتاسەری ,بەڵام لە ڕاستیدا جگە لە ساویلکەیی بۆچوون و بە سۆز کارکردن لە بری عەقڵ زیاتر نیە , چونکە ئەو هەڵاو وزیادەڕۆیی و ئاژاوە نانەوە تەنها و تەنها لە بەرژەوەندی عەرەبی سعودی و هەندێ وولاتی دی کەنداوە و بە هیچ شێوەیەك وێنەی موسڵمانی نەك تەنها لای ڕۆژهەڵات بەڵکو لای موسڵمانی ڕاستەقینە خۆشی جوان نەکردووە و ئەوان بەو ئاکارە دەیسەلمێنن کە بەڕاستی ئەوەی تیرۆرستە تەنها ئیسلامە و بەرنامەی ئیسلام و مرۆڤی موسوڵمانە , شوناسی ئیسلام دەدەن بە تیرۆرست ,لە کاتێکدا زۆر لە موسڵمانەکان لە دەرەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە شوناسی مرۆڤی ناتەواو و سەرلێشواو و ناچیزەی دەروونی بکەن بە شوناسی تیرۆرست نەك ئیسلام و ئسلامگەری .لە لایەکی دی بەشداربوونیان

لەو ئاژاوانە, هەر وەکو ئەوەی ئێستا لە وولآتانی سعودیە و کویت و سوریا و لوبنان و ...تد لە بەردەمی باڵوێزخانەکاندا دەکرێت و پەلاماری دروشمە جیاوازەکانی دوور لە بیرو باوەڕی خۆیان دەدرێت .تەنها پشتگیری دەکات لە سیاسەت و پلانی سیاسی و ئابووریان بەرانبەر ڕۆژئاواو بە هیچ شێوەیەك بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و مرۆڤ و سیستمێکی مرۆیی نیە ,پێویستە کۆمەڵی کوردی بە تایبەت لاوانی کورد هەست بەو مەترسیە بکەن کاتێك گرووپێك لە ناوجەرگەی کوردستانەوە بە بێ هیچ فشارێکی دەرەکی سیاسی دەچێتە ژێر چەتری ئەو بەرگری و بەشداربوونە لە ئاژاوە گێڕی ئازاردانی تاکی کورد ...ئیسلامگەرەکان گەر مەریوان هەڵبجەیی و سەرجەم مەریوانەکانی دی کوردیش بخەنە ژێر فشاری ترس و تۆقاندن و تیرۆر نەتەوەی عەرەب و ئەو وولآتانەی ناومان هێنا تەنها لە سەر ئەوە ئافەرینیان دەکات کە سوکایەتیان بە تاکێکی کورد کردوە , نەك ئافەرینیان بۆ ئەوەی بەرگرییان لە ئیسلام کردووە . کەواتە ئەوانەی بە ناوی ئیسلامەوە رۆژانە بە دووی سەرەداوێکدا دەگەرێن تاکێکی کوردی پێ لە ناوبەرن , یان قەڵەمەێکی پێ سەربڕن جگە لە ناحەزییان بەرانبەر بە کورد کە خاوەنی هیچ دەنگ و رەنگی و توانایەك نەبێت هیچی دی نیە , ئەرکی کۆمەلآنی خەڵکیشە ریگەیان نەدەن هێندە لە دەرەوەی بەرەی خۆیان پێ رانەکێشن و تاکی کورد نەکەن بە قوربانی بۆ خوانی عەرەب .

ناحەپەسێم بەوەی جارێکی دی مەلایان و گرووپە ئیسلامیەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مزگەوتەکانەوە بە نووسەرێك بڵێن " بێ ئەخلاق " ئەخلاقیش بەو واتای لای کورد هەیە, یان پێی بڵێن لە سەر بێ ئەخلاقی نووسیوە و کوشتنی حەلآڵە و پێویستە لە ناوببرێت وەکو ئەوەی ئەمڕۆ بە بەڕێز مەریوان هەڵبجەیی دەگووترێت و دەکرێت ...چونکە خۆمان ئەو ئەزموونەمان هەیە کە لە سەر بلآوکردنەوەی بابەتێك منارە پیرۆزەکەی مزگەوتەکانیان بە ووشەی فاحیشە و بەرەڵایی بلآوکەرەوە ئاوەدا و زرنگ دەکرا .گرووپێك بە ناوی ئیسلامەوە دەماری هەستیار ئەو کۆمەڵە لە کوێدایە لەوێوە پەلاماری گەلێکی ستەم دیدە بدات , کۆمەڵکیش هەموو پێناسە و بۆچوونەکان سەبارەت بە ئەخلاق بە خواری ناوکەوە گرێ بدات , شایانی ئەوەیە بکرێت بە عیبرەت لە پێناوی عەرەب و بەرژەوەندی وولآتانی کەنداودا , ئەو بەندەرانەی کە تەرمی زۆربەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانمانی تێدا دۆزرایەوە .

گروپگەلێك کورد و کۆمەڵی کوردی هێندە بە ساویلکەو ساکار دەزانن , ئەوانەی نووسینێك لە سەر بیرو باوەڕی ئەوان بلآو بکاتەوە بە بێ ئەخلاق بزانن و تیرۆر و رۆخاندنی بنکە مەدەنی و مرۆییەکان و کارەساتی کوشتنی بە کۆمەڵی مرۆڤ و تەقینەوەی قوتابخانەکان ولە ناوبردنی بە کۆمەڵی منالآن , هەتیو خستن و بێوەژن خستن , وینە گرتن چونیەتی سەربڕین و مل لێکردنەوەی خەڵکانێك تەنها گووناهیان ئەوەیە شوناسێکی بیانیان پیە, یان گیرفانیان پر پارەیە بەئەخلاق بزانێت و بەرگرییان لێ بکات . جگە لە دۆڕان بەرزکردنەوەی ئالآی کورت بوونی تەمەنیان هیچی دی ناگەیەنێت , پێدەچێت ئەوەی بەم دواییە دەیکەن پەلەقاژەی دوا مەرگیان بێت , چونکە خۆشیان دەزانن بوون بە کالآیەکی بێ بەهای جیهانی بەر لە هەموو کەس لای خەڵکانی بە ڕاست موسوڵمان .

ئەوەی لە کوردستاندا بە ناوی جیاوازەوە بەرانبەر رۆشنبیران دەکرێت , پەڵەیەکی هێندە ڕەشە بە نێوچەوانی ئیدارە و دەسەڵاتی کوردییەوە , سپیایی دۆندی قەندیلیش تازە مێژووی ڕەشیان سپی ناکاتەوە , هەڵەکان و شەرمەزاریەکانی دەسەڵاتی کوردی هێندە زۆر بوون جگە لە نارەزایەتی دەربرین و باسکردنی گەندەڵیەکانی ئەوان نە ڕووی ماڵپەڕەکانی دەرەوە بابەتێکی فکری لە سەر دەبینریت ,نە پینووسی نووسەرەکانیش فریایی بابەتێکی دی دەکەوێت ,نە کورد پەروەری ڕاستەقینە و پێشمەرگەی کۆنیش ڕووی دێت بڵێت قەندیلم بینیوە .

لە سایەی دەسەڵاتەکەی بارزانیدا مرۆڤێك تەنها بە پێنووس پەلاماری داوە ,بە دەسەڵات وەڵامی دەدرێتەوە و سی ساڵ حوکمی گۆمڕایی بە سەردا دەدرێت .ئەو بوارەی رەخساند کە نەیارانیان جۆرەها سیناریوی جۆر بە جۆری تیدا بەرهەم بهێنن , ئەوەش شەرمەزارترین لاوازی عەقڵیەتی سیاسی ە دیپلۆماتیە بۆ پارتی . ئەو شەرمەزارییەشی لای کۆمەلآنی خەڵك دروست کرد , کە بە سەدان کەس بە واژوو و ناوی خۆیانەوە خواستی لێسەندنەوەی دەسەڵات و نەفرەتیان بۆ بەرز بکەنەوە (کە من لە گەڵ شێوازی دەبرینەکەی و تەسلیم بوونیشی نیم بەو شەپۆلی چەپڵەو ئافەرینەی کە بەرەو هەڵدێریان برد )بەلآم پارتی هێندە لاوازی سیاسی پیشاندا , بە خواستی ئەو شەپۆلی چەپڵە ڕێزانە کە بەناوی بەرگری کردن لە دکتۆر کەمال دەیانویست زیاتر لە چوارچێوەی زینداندا توندی بکەن تەنها بۆ ئەوەی خاڵە ڕەشەکەی نێوچەوانی پارتی دیارتر و زەقتر بکەن کرد .ئەو باروودۆخەی لای منیەکی تامەزرۆیی دیتنی نیشتمانیش کە جانتای سەفەرەکەم پێچابووەوە بۆ گەرانەوەی دیتنی هەولێری قەڵاو مەنارە , ئەو شارەی بە زۆری فیشەك شەری ناوخۆ و دوو بەرەکی و ئیهانە و نەشیاو جولآنەوەی هەردوو حزبی دەسەڵات دار لە گەڵ ئەوانەی لە سلێمانیەوە بچوونایە بۆ هەولیر وهەولێرەوە بهاتنایە بۆ سلێمانی , بێ بەشی کردبووین لە دیتنی ,پاش ئەوەی شوناسی وولآتێکی بێگانە ئازادی گەڕان و پاراستنی گیانی پێ بەخشیم بریارم دابوو لە میانەی ڤێستقاڵی مەستورەی کوردستانی ئەو شارە ببینم کە خواستم بینینی بوو , تەنانەت بۆ کەسێك کە زۆر لە وولآتانی جیهانم بینیوە لە چاو ژنانی بەشخوراوی کوردا بەلآم بەشێکی نیشتمانەکەی خۆمم نەبینیوە , نازانم نەریت و جوڵەو ڕۆحیان چیە . پارتی بە سەپاندنی سی ساڵ حوکم بۆ نووسەرێك, شەرمەزاری رۆشتنەوەی پێ بەخشیم و نەمتوانی ئەو درۆیە لە گەڵ خۆم بکەم لە کاتێکدا خاوەن قەڵەمێك لە گەڵ هەموو هەڵەکانیشیدا سی ساڵ زیندان بکرێت , منیش برۆمەوە بڵێم ژنانی هەولێر پێنووسەکەمم تەژی کردوە لە غەمی ئێوەو فەرموو با پێکەوە ئازادانە سروودی ئازادی بچڕین .

دەسەڵاتی بنەماڵەی تاڵەبانیش پاش ئەوەی ئەزموونێکی ناشایستە و دوور لە دیموکراسیان لە گەڵ من هەبوو سەبارەت بەو بابەتەی بە ئاگاداری ئیسلامیەکان خۆیان لە گۆڤاری نڤاردا بلاوم کردبوووەوە ,خۆشیان دەزانن بە دەیان جۆر ئابرۆیانم کرێوە بۆ ئەوەی ناحەزانی کورد دڵ بە ئەزموونی تاڵ و نادیموکراسی خۆ فەرمانڕەوایی کورد خۆش نەکات . هەمان ئەزموونی نەزۆکی خۆیان و بە هەمان شێوە و بە داوای وەزیرێکی دادی دوور لە دادی ئیسلامی حوکمی گرتن و فتوای کوشتن بۆ خاوەن پێنووسێکی دی دەبڕێتەوە , وادەزانن ئێستاش سەدام هێشتا فەرمانڕەوایە و ئێمەی کوردیش بە ئێوەی دەسەلات دەڵێن هەمیشە ڕاستن بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی بە خوینی شەهیدان و ڕۆڵەی هەژاران و جوتیارانی کوردستان هاتە ئاراوە لە نیو بچێت .دەسەلاتی تاڵەبانی ئەمڕۆ پێویستە ئەوە بزانیت ئەو دروشمی سۆسیال دیموکراسیەی بانگەشەی بۆ کردوەو هەرگیزیش کاری پینەکردووە , بەرەو هەڵوەشانەوەی و یەقین سەرجەم گریمانەکانی بردوەو زیاتریش بەرەو ڕووی مەترسی تووڕەیی جەماوەرێکی دەکات , کە چەندین ساڵە غەمەکانی قوت دەداتەوە و ئەڵێ ناحەزمان بە دەوردایە با دڵمان پیخۆش نەکەن .

سیاسیەتی ئەمرۆی جیهان لە نێوان سیاسەتمەدار و هاوڵاتیاندا زیاتر خەریکە شێوەی سیاسەتی نێوان فرۆشیار و کڕیار لە خۆ دەگرێت , ئەو سیاسەتەی لای فرۆشیار هەیە , کە کڕیار هەمیشە ڕاستە گەرچی هەڵەش بێت , هاوڵاتیانیش لە نیو بازنەی سیاسەتی ئەمرۆ و فەرمانڕەوایی تەکنەلۆژیدا هەمیشە ڕاستن گەرچی هەڵەش بن , بۆیە بۆ هەردوو دەسەلاتی تاڵەبانی و بارزانی کە رۆژانە بی حورمەت و ئەتکی هاوڵاتیانیان کردوە بە پیشە و پشتگیری دواکەوتوترین ئەزموونی نادیموکراسی دەکەن لە جیهاندا جگە لە مەترسی بۆ خۆیان لە ڕووی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و جام پڕ بوونی کۆمەلانی خەڵك وتەقاندنەوەیان لە خالێکی دەستنیشان کراودا لە ئاستی سیاسەتی ناوخۆ, هیچ دوارۆژێکی دی لە هەناوی خۆیدا بۆ هەڵنەگرتوون .هەردوو حزبی دەسەلاتخواز پێویستە ئەوە تێبگەن یان ووشەی تۆلیتاری و بنەماڵەیی بکەن بە دروشم وەکو کرداریانە , ووشەی سوشیالستی , دیموکراسی , مافی مرۆڤ وکۆمەڵی مەدەنی...تد لە پیاهەڵدانە دەسکردەکانیاندا بسڕنەوە ,یاخود تیبگەن کە دیموکراسی پیویستە رێکخەری نارێکیەکان و ناکۆکیەکان و دژە بۆچوونەکانی مرۆڤ بێت, نەك پێچەوانەکەی .

<u>چەند ووشەیەك بۆ كاك مەریوان هەڵبجەیی .</u>

دەزانم مرۆڤ کاتێك کیشەی سیاسی دەبێت یان ڕاستتر کاتێك کیشەکانی سیاساوی و حزباوی دەکرێت جۆرەها گۆبەندی دی لە کێشەکەی دەئاڵێت , بە تاییەت لە ناو کوردا و لە کێشەیەکی وەکو کێشەی ئێوەش , وەکو کەسێك بەو ئەزموونە تاڵەی جەنابتدا تێپەڕیووم پێم خۆشە چەند سەرەپێنووسێکی کورت بۆ جەنابت بدرکێنم :

یەکەم: خوازیارم سەرەداوی کیشەکەت تەنها بە دەستی خۆتەوە بگریت و بە پێی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان یاری پێ نەکرێت و سیناریوی لێ دروست نەکرێت ,بێ حیکمەتیش نەبوو کاتێك هەمان کیشەی جەنابتم هەبوو ,ناوی تەنانەت تاوانبارانی ئەو مەسەلەیەشم بە بێ تاوان دەبرد , داوای ئەوانەم ڕەت دەکردەوە کە دەیانویست بە چەك وەلامی وەزارەتی داد (بۆ ناداد پەروەرییان ) بدەنەوە ,داوای ئەوانەم ڕەت کردەوە کە ویستیان ڕێ پێوان بکەن ,داوای ئەوانەم ڕەت کردەوە کە کۆمەڵێ ڕێنوینیان هەبوو دەیانگووت ئەم هەنگاوانە بگرە بەر بۆ ئەوەی ببیت بە سنبول ,هەروەها داوای بچووکە پیاوی وەکو ئەوانەش خۆیان لە لە هەستیارترین دەزگای یەکیەتیدا کاریان دەکرد و لە هەموو ژمارەیەکی ئێمەدا بە زنجیرە بابەتێکی بلاو دەکرایەوە لە نۆیکاردا زنجیرەی بابەتەکانی بڕی و گووتی من ئیتر بابەتان بۆ نانیرم چونکە ئەو حزبەتان ئابڕۆ نەبردووە , واتە خۆی کیشەی هەبوو لە هەمان کاتیشدا خۆی نان بڕاو نەدەکرد و دەیویست ئیمە لە ژێر ناوێکی دیدا شەڕی ئەو بکەین ( هەتا ئەمڕۆش ئەو داخەی لە دڵ دەرنەچووە و لە ڕۆژنامەکاندا دەفەرموویت کە زنجیرە بابەتەکەی لە نڤاردا دەستکاری سەقەت کراوون لە کاتیکدا دەست نووسەکانی هەیە و دەتوانریت بخرێتە ڕوو) , داوای ئەوانەش کە دەیانویست پەشیماننامەیەك بنووسم و ئیتر ئەو بابەتانە بە بڤە بزانم و باس کردنیان بە ناسروشتی بینمە ئەژماردن هێندە بە توندی ڕەتکردەوە , کە هەر لە کاتی کێشەکەدا بە هەمان میتۆد و بە گۆڕینی چەند پیتێك لە ناوەکەدا لە نڤارەوە بۆ نوێکار کارەکانی خۆمم دەست پێکردەوە , هەر وەکو چۆن بۆچوونی ئەوانەشم نەفرەت لێ کرد کە پێیان گووتم ژنی عاقڵ تەنها بە سۆز ئەجوڵیتەوە و ڕوو لە ئەدەبی سۆزداری دەکات نەك فکر , چونکە لە کۆمەڵێکداین گەر مەلا و پیاو گووتیان باس کردن لە ئاین" فاحیشە"بیە , کۆمەڵەکەش هەر ئەوەت پێ ڕەوا دەبینن و نرخی خۆتت نادەنی .هەموو ئەوانە و دەیان پێشنیازی تریشم بە بێ دەنگی و زۆر بە نەرمی و سانایی هەڵدەوارد و تەنها و تەنها ڕووم لەو کەسانە بوو کە بە شێوەیەکی شارستانیانە و دوور لە فکری نیرۆیی واژوویان دەسپاردە لاپەرە و داخوازیەکانیان , یان دەرگای گفتووگۆیان لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکردەوە . خوازیارم نە ئیسلامگەری توندڕەو و گفتووگۆ نەزان و نە تاك و لایەنی بەرژەوەندیخواز و نە دەسەلاتی میلیشایی ریگەی دیالۆگی شارستانیانەت بیر بەرنەوە .

دووەم :خوازیارم ئەم کێشەیە لە نووسینت دوو نەخاتەوە و تەنها بۆ ساتێکیش , ئێستا کاتی ئەوەیە چونیەتی مامەڵەیان و گرێدانەوەیان بە بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە ڕاڤە بکەیت .

سێهەم : ئەمڕۆ تۆ لەوەدا خۆش بەخت ز پشت ئەستووریت کە ڕاگەیاندنی دەرەوەی کورد و پەیوەندییان بە هیزە جیهان و پەیوەندی کوردیش بە جیهانی دەرەوە و جیهانی ئەنتەرنێت زۆر والایە و هەموو بۆچوون و نەهامەتی و ئەریٚ و نەریەکانی مەسەلەکەت بە دەرەوە دەگات و لە دەرەوە پشتگیری لیٚ دەکرێت , تەواو پێچەوانەی ئەو مەسەلەیەی من کە جگە لە بەڕێز حەمەسەعید حەسەن و چەند کەسێکی لەو کاتەدا خۆیان بۆ کوردستان گەرابوونەوە بەو مەسەلەیان نەزانیبوو تا هیچی لە سەر بدرکێنن, بۆیە خوازیارم هیچ سڵ لە درکاندنی ڕاستیەکان نەکەیتەوە ,چ سەبارەت بە هیزە ئیسلامیەکان و چ سەبارەت بە دەسەڵات و تاکە نەشازەکان .بە تایبەت ئەمڕۆ ئەو ترسە لە سەر کورد نەماوە کە بە مەسەلەکانی خۆیمان قوربانی بۆ بدەین .

چوارەم : هەموو پاراستنێکی گیانی تۆ ئەرکی ئیدارە و دەسەڵاتی ئەو دەڤەرەیە و هەر هەنگاوێك بۆ پاراستنی تۆ بنرێت نە ئازایەتی و نە چاکە , بەڵکو ئەرکە و ئەوان وەکو دەسەڵات نەینتوانیوە سیستمێکی دیموکراسی وئاسایش بۆ کۆمەڵانی خەڵك بەرقەرار بکەن وەکو سەرجەم وڵاتانی دیموکراسی و خەڵکیکی کاڵ فام و لایەنگرانی خۆشیان بە شێوەیەك مامەڵە و بۆچوون لە سەر ئەو مەسەلانە دەردەبڕن وەکو ئەوە خێر و چاکەخوازی بیت بۆ ئەو کەسەی بکەن نەك ئەرکی خۆیان و بەشی ئەو مرۆڤە لە خێر و داهاتی وڵاتی خۆی و نیشتمانی خۆی .هەر تاکێکی کورد مافی خۆیەتی لە هەموو روویەکەوە هاوکاری مادی و مەعنەوی بکریت بە بیٚ توانج هەڵگرتن , چونکە ئەوە بەشی خۆیەتی لە وڵاتێکدا خاك و وڵاتی هەمووانە نەك تەنها چینی دەسەڵاتداران .

پێنجەم :خوازیارم بە هیچ شێوەیەك بیر لە هاتنە دەرەوە نەکەیتەوە , واتە کوردستان بە جیٚ نەهێڵیت , ئەرکی مانەوە و پاراستنت بە زۆر و بە دەنگی هەمووان بخرێتە سەرشانی ئیدارەی ئەو دەڤەرە و بە جیهێشتنت مۆمی پێنووسەکەت دەکوژێنیتەوە , دەتوانیت بە ئەزموون کۆمەڵێکی زۆر لە رۆشنبیردانذا بچیتەوە و ئەو ڕاستیەت بۆ دەربکەوێت . ئەوەش لە بەر ئەوە نیە کەسەکە پێنووسەکەی ووشکی کردووە یان خواستی نووسین تەوژم بە ڕۆحی نەدات , نەخێر تەنها لە بەر ئەوەی ئەرکی ژیان لە دەرەوە هیندە گرانە دەبیت بە مرۆ ئامێر بۆ دابین کردنی ژیان نەك فەراهەم هێنانی فکر , مەگەر مرۆڤێك بیت خۆت لە هەموو لێپرساویەتێکی مرۆیی سەرشانت بدزیتەوە , ئەوەشیان پیشەی مرۆڤی خاوەن پێنووس نیە. لەوانەیە لەم خاڵەدا لە خۆت بپرسیت خۆی بۆچی وڵاتی بە جیهێشت . بەڵام تۆش و هەر تاکێکی دیش تەواو دڵنیا دەکەمەوە کە من بە هۆی کیشەی ئیسلامگەرەکانەوە کوردستانم بە جیٚ نەهێشتوە و بە هۆی ئەوانیشەوە ڕۆژیٚ لە ڕۆژان لە کوردستان دوور نەدەکەوتمەوە , هەموو دەزانن لە شەڕی براکوژیدا ژمارەیەکی زۆری نەخوێندەواری ئەلفە بیەکانی سیاسەت بوون بە کوڕی مەیدانی زانست و ڕۆشنبیری و سیاسەت و دنیانەدیدەکانی کونجە دوورە دەستەکانی شارستانیەتیش بە لێشاو هاتنە ناو سلێمانیەوە ,کە پێشکەوتنی ئەو شارەشیان بەراورد دەکرد بە ڕابردوو و دێهاتەکانی خۆیان پێیان وابوو گەشتوون بە قوبرس هەموو جۆرە کردەیەکی دەرەوەی مۆراڵ بوو وە ڕەوایە , بۆ ئەوانی ئاگر خۆش کەری شەڕ و دروستکاری مانشێتەکانی جنێو ڕەوا بوو , بۆیە یەکەم هەنگاویان فشار هێنان بوو بۆ ژنانی و کچانی ئەو شارە بە جۆرەها کردەی ناشیرین , لە مێژووی دوای ڕاپەڕینەوە ژنان و کچانی سلێمانی قوربانیترین کەسانی ئەو تەوژمە جاش و باشە بوون کە ڕوویان لە سلێمانی کرد و ئەوەی بۆ ئەوان ڕەوا بوو بۆ خەڵکی خاوەن ماڵ ڕەوا نەبوو , وابزانم نموونەکانی ئەتك کردنی بە کۆمەڵی کچانی سلێمانی لە قوتابخانەکاندا , کوشتن و فڕیٚ دانی کچانی سلێمانی لەکەناری شاردا پاش وورد کردنی شووشەی خواردنەوەکانیان لە سەر سنگ و لاشەی , فشار خستنە سەر ژنان و کچانی دیاری شار, بە ڕادەیەك زۆربەیان شارەکەیان بە جیٚ هێشت یان بۆ هەندەران یان بۆ هەولێر و شارەکانی دی , هەموو کردەی کەسانێکی تازە بە شاریکراوو سەربارکراوی بوون لەو شارەدا , بە بیرتان دەهینمەوە کە منیش یەکێك بووم لەوانەی لە ناوەڕاستی ساڵی 1997 وە هەتا ئەمرۆش کە لە دەرەوەی کوردستانم ئەندامێکی دەزگای زانیاری کە هەمووتان دەزانن کییە , جۆرەها فشاری ناشیرین خستبووە سەرم , هەر لە داوا کردن بۆ وازهینان لە گوڤارەکەم , لادانی خاوەن ئیمتیازەکەم و کارکردن بۆ خۆی , مادەم لە حکومەتەوە هاوکاری دەرچوونی گۆڤارەکەم دەکرێت ئەوا هەر واتای یەکیەتی دەکات پێویستە پابەند بم بە بەرژەوەندییەکانیان گۆیە ڕایەڵ بم بۆی کاریان بۆ بکەم و ئازادانە بابەتەکان بڵاونەکەمەوە ,سوکایەتی و لە سەر نووسین و خەڵك بە کریٚ گرتن بۆ نووسین و زۆر جاریش خۆی دەینووسی و ناوی کەسێکی دی دەخستە سەری ,سکاڵانامە تۆمارکردن لە دادگا لە سەر وەڵامدانەوەی یەکێك لە نووسینەکانی لە سەرم نووسی بوو (چونکە ئەوان پێیان وایە ڕەوایە بۆ خۆیان تۆمەت و بیٚ حورمەتی بە خەڵك بکەن بەڵام بۆ کەس نیە وەڵامیان بداتەوە , هەتا ئەو بیٚ حورمەتیەی کە پیاوەکانی بنرێت پێم بڵێن"(تۆ حوانیت گەر بە قسەمان بکەیت دەتوانیت زانیاری باشمان بۆ کۆ بکەیتەوە ) ئەمە ئەو ئابڕۆ مەزنەی لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا ژن بە دەستی هێنا ,کە هیچ لە سیستم و بۆچوونی بەعس لاینەداوە , خێزانێك قوربانی گیانی و شەهید بوون و زیندانی و ڕاوەدوونان و9 نۆ جار تاڵان کردنی ماڵ و دەرکردن لە خوێندن , ترس و خۆ شاردنەوە و هەموو جۆرە نەهامەتیەکانی کاتی فەرمانڕەوایی بەعس , تەنها قوربانیەك نەیانداوە قوربتنی دان بوو بە کەرامەتی , ئەو کاتەی کە وادەزانیت هەناسەی سەرفەرازیت هەڵکیشاوە و ئیتر لەو جۆرە نارەوایە ڕزگارت بووە , ئەوانەی خۆت و خێزانت قوربانیت بۆ داوون داوات لیٚ

دەکەن ئەو تەنها قوربانیەش ئەم جارەیان بۆ پۆخڵەوات و سیخوڕی ئەوان بدرێت ...خۆ گەر باسی کردار و پلان و کارەکانیان بکەم کاتێك لە سوریا بووم ئەوە نەك وولات بەجێ دەهێڵن بۆ خەڵکی خاوەن بڕواو دەروونی بەرز حاشا لە شوناسی کورد بوونی خۆشی دەکات ...لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە پێنج ساڵ لە شەڕ و بەرگری خۆی و گرووپە مافیە ئاساییەکەیدا بووم چونکە وامدەزانی ئەوانە هەمووی تەنها فیتی خۆیەتی و گەندەڵی ناوخۆیە و من پێویستە ڕوو بە ڕووی ببمەوە , لە ناوبردنی کاری منە و هیچیشی جەنابی سەرۆکی نوێ و سکرتێری کۆن ئاگای لێ نیە , بەڵام لە نزیکەوە ناسینی ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە ئاگای لە هەموو شتێکە , بۆیە پێم خۆش بوو کوردستان بکەم بە خەونێکی جوان نەك کابوسێکی قێزەوون , ئەوە ئیسلامیەکان نەبوون کوردستانم بۆ بەجێهێشتن .

ئەوەی ئەو چەند ووشە بخوێنیتەوە لە دەریایەك ووشەی دەرنەبڕاوو , خاوەنی ئیدراك و بڕوایەکی ئاینی بێت لەوانە بڵێت پێویست بوو لەو بارەدا ئیسلامیەکان بەرگری لێ بکەن و دژی ئەو سیستمە بن کە فشار دەخاتە سەر مرۆڤەکان بن بە "فاحیشە " وەکو ئەوان پێنووس دەکەن بە فاحیشە و ووشەی فاحیشە و بێ ئەخلاقیان کردووە بە نەریتی کوردەواری بۆ خاوەن ئەو قەڵەمانەی ڕەخنەیان لێ دەگرێت .بەڵام هاتن ئەو بۆشایی ناکۆکیەیان قۆستەوە و یاری سیاسی خۆیان لە تێدا کرد, کام گرووپی ئیسلامی وەکو کەسێکی موسڵمان جارێك هاتە وەڵام لە سەر مافی کەسێکی مافخوراو , ئیهانەکراو , بەرەوهەڵدێر براو و لە دەرەوەی مامەڵەی مرۆیی مامەڵە لە گەڵ کراوو هاتە وەڵام و دژی وەستایەوە , گەر ئەوان خاوەنی بیرو باوەڕیەکن نەفرەتی لەو فاکتەرانە کردووە .لە میژووی کام ئەندامی گرۆپی ئیسلامگەردا دەستیوەردانێکی مرۆڤانە دژ بە کارێکی نامرۆڤانە و نەشیاو بە رانبەر بە کەسێك , پێنووسێك ,دژەکارێکی خۆیان هەیە وەکو بەرگری کردن لە هەق , لە ویژدان و ڕاستی و بیروباوەڕی دروست گەر ئەوان هەڵگرین .یاخود تاکی کورد بووە بە هەڵماتێکی ڕووشاوی دەستی یاری زانە سیاسیە دیماگۆگیەکان ؟.

**کەنەدا**

11-02- 2006